# وازهێنان له‌ سوننه‌ت له‌به‌ر قوڕئانی پیرۆز

[ كردي – كوردی – kurdish ]

**موفتی : ده‌سته‌ی به‌شی زمانی كوردی له‌ ماڵپه‌ڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونه‌وه‌ی :پشتیوان سابیر عه‌زیز**

٢٠١٠ - ١٤٣١

islamhouse.com

# ﴿ ترك السنّة لأجل القرآن ﴾

« باللغة الكوردية »

إفتاء : فريق القسم الكردي بموقع دار الإسلام

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# وازهێنان له سوننەت لەبەر قورئانی پیرۆز

**پرسیار :** ئایا لەبەر قورئان واز له فەرموودەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) بهێنین؟

**وەڵام :** نەخێر، چونکە خوای گەورە لە قورئاندا فەرمانی کردووە کە فەرموودە وەربگرین و کاری پێ بکەین (وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا) {الحشر:٧ } واته: ئەوەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) بۆی هێناون بیکەن و ئەوەشی قەدەغەتان لێدەکات وازی لێ بهێنن.

فەرموودە راڤەی قورئان دەکات، زۆرێك لە وردەکاریی شەریعەت نازانرێت گەر فەرموودە نەبێت، وەك نوێژکردن، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت:« أَلا إِنِّي أُوتِيتُ الْكِتَابَ وَمِثْلَهُ مَعَهُ،أَلا يُوشِكُ رَجُلٌ شَبْعَان عَلَى أَرِيكَتِهِ يَقُولُ: عَلَيْكُمْ بِهَذَا الْقُرْآنِ،فَمَا وَجَدْتُمْ فِيهِ مِنْ حَلالٍ فَأَحِلُّوهُ،وَمَا وَجَدْتُمْ فِيهِ مِنْ حَرَامٍ فَحَرِّمُوهُ » (رواه أبوداود) واته: من قورئانم بۆ هاتووە وهەروەها ئەوەشی وەکو ئەوە ( کەمەبەست پێی فەرموودەیە ) لەگەڵیدا بۆم هاتووە، ئەگەری ئەوە هەیە کابرایەکی ورگ تێر لەسەر قەنەفەکەی دانیشێت و بڵێت: تەنها قورئان وەرگرن، ئەوەی لەودا حەڵاڵە حەڵاڵی کەن، ئەوەشی لەودا حەرامە حەرامی بکەن .

بەڵێ خۆشەویستان ئەم ئایەت و فەرموودەیە و چەندان فەرموودە و ئایەتی تریش بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە بەتەنها قورئانی پیرۆز بەس نیە بۆ ژیان و سەرفرازی دونیا و دوارۆژی باوەڕداران، چونکە زۆرێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بە گشتگیری هاتوون و پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم ) ئەم کارەی ئەنجامداوە و ئاینی پیرۆزی ئیسلامی بۆ خەڵکی ڕوونکردۆتەوە، بۆ نموونە خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا لەبارەی نوێژەوە تەنها فەرموویەتی : ( وَأَقِيمُوا الصَّلاةَ ..) ئیتر ڕوونی نەکردۆتەوە کە باوەڕداران بە چ شێوەیەك نوێژەکانیان ئەنجام بدەن، بەڵام دواتر پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم ) شێوازی نوێژکردنی ڕۆشن کردۆتەوە ئەویش بە کردارەکانی ڕۆژانەی و لەم بارەیەشەوە فەرموویەتی : ( صَلُّوا كَمَا رَأَيتُمونِي أُصلي ) { رواه البخاري } واته : نوێژەکانتان ئەنجام بدەن وەك ئەوەی دەبینن من ئەنجامی دەدەم .

چەندان مەسئەلەی تریش کە لەجێگای خۆیاندا باسیان دەکەین .

خوای گەورە لەهەموو کەس زانا و شارەزاترە .